سەید حەکیم: حیکمە پڕۆژەیەکی نیشتمانییە و تەنها خەمی عێراق و خزمەتکردنی گەلەکەیەتی

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزی نیشتمانییەکانی دەوڵەت و سەرۆکی ڕەوتی حیکمە چاوی کەوت بە کۆمەڵێك سەرکردەکانی ڕێکخستنەکانی کەرتی کەرخ لە خوارووی بەغدا کرد و سەرەتا گوێبستی قسەکانی ئامادەبوان و کۆمێنتەکانیان بوو دواتر پیرۆزبایی هاتنی مانگی ربیعی لەدایك بوون بوو کە لەدایك بوونی پێغەمبەر (د خ) لەگەڵ لەدایکم بوونی ئیمامی جەعفەر ئەلسادق (سڵاوی لەبێت).

. بەڕێزیان ڕوونیکردەوە کە ئەمە بۆنەیەکی گونجاوە بۆ بیرکردنەوە لە ژیانی بەرزی پێغەمبەرمان، سڵاوی خوای لێ بێت، ئەو ڕکابەرییە بە ئەندازە ڕووبەڕووی بووەتەوە، و ئەو تاقیکردنەوە سەختانەی کە بەرگەی گرتووە بۆ دامەزراندنی ئەرکی ئیلاهی، بەرزترین نموونەی سەبر و خۆڕاگری پیشانداوە، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەمە وانەیەکی قووڵمان پێدەبەخشێت، بەو پێیەی ئەو ئامانجکردنەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە گەورەیی کاریگەری و چالاکییەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها جەختی لەسەر پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئامانجگرتنە کردەوە بە سەبر و خۆڕاگرییەکی زیاترەوە، هەروەها سەماحەتی جەختی لە گرنگی ڕوونکردنەوە و لێکتێگەیشتن دوای بەدەستهێنانی زانیارییە پێویستەکان کردەوە و نیشاندانی ناسنامە و شانازی بزووتنەوەکەمان بە سەر بە ڕێبازی حیکمە و مێژووە دەوڵەمەندەکەی لە قوربانیدان و شەهیدبوونەکەی کردەوە..

.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە حیکمە پڕۆژەیەکی نیشتمانییە و خەمی سەرەکی عێراق و خزمەتکردنی گەلەکەیەتی و ڕێز لە هەموو گروپە عێراقییەکان لە هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکان دەگرێت و لە هەمان کاتدا ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و تائیفی بە نرخ دەزانێت، بە شێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ دەکرێت. جەختیشی لەوە کردەوە کە ڕەوتی حیکمە ڕەنگدانەوەی خواستەکانی ئەوانی تر بێت، هەروەها ئەندامەکانی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان لە خزمەتکردنی خەڵکدا دەخەنەگەڕ، کە ئەمەش هەمیشە لە پێشینەی کارەکانمانە.

.

بەڕێز سەید حەکیم دووپاتیکردەوە کە ڕەنگە تەحەدای ئابووری دەرفەتێک بۆ چارەسەری ستراتیژی لە ڕێگەی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و شوێنەکانی هەناردەکردنی نەوت بخاتەڕوو، هاوکات پشتیوانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دووپاتکردەوە، جەختیشی لەسەر پێویستی بەردەوامبوونی و بەدواداچوون و سزادانی هەموو ئەو کەسانە کردەوە کە سامانی گشتییان خراپ بەکارهێناوە، لەگەڵ تیشك خستنە سەری

تایبەت بە سەر دەسیە گەورەکان.

سەبارەت بە پرسی سنووردارکردنی چەک لە دەوڵەتدا، سەماحەتی جەختی لەوە کردەوە کە مەرجێکی دەستووری و ئایینییە کە لە بەرنامەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا جێگیر کراوەو ئاماژەشی کرد کە ئەمە لە چوارچێوەی هێزەکانی کۆکردنەوەی جەماوەردا بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتن بەدی بهێنرێت، بە ئەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بپارێزرێت و ڕێز لە قوربانیدانی ئەو فراکسیۆنانە بگیرێت کە شەهیدەکانیان لە شەقامەکاندا نمایش دەکرێن..